# ڕێزمانی ئامرازی (ــە) لەبەر زوومی پرسیاردا

د.شێركۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریكار

لە ئاستی ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی (ــە)دا، ئێمە هیچ درێغییەكمان نەكردووە و گشت كاتێك زوومی توێژینەوەمان لەسەری بووە و لەچەندین گۆشە نیگاوە وێنەمان گرتووە. لە ئەم نووسینەدا، جارێكی تر و بەتەكنیكێكی، تر دەیخەینەوەبەر لێكۆڵینەوە، ئەم جارەیان، بە پرسیارو وەڵام لێی نزیك دەبینەوە و خۆمان پرسیار لەخۆمان دەكەین و هەر خۆمان وەڵامی دەدەینەوە. بە ئەو هیوایەی بتوانین پچێكی تر لەخوێنەری ئازیز نزیك ببینەوە و بەشێوەیەكی نەختێك كاریگەرتر ڕێزمانی ئامرازی (ـە) بكەین بە خۆراكی بیری.

**پ1: لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، ئایا ئامرازی پەیوەندی (ــە) چۆن دەخەنەبەر ناسین؟**

و1: لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، ئامرازی پەیوەندی (ـە) لەیەك (فۆنیم) پێك هاتووە و ئەو فۆنیمە (بزوێن)ـە و بەهیچ جۆرێك سیمای (نیمچە بزوێن)ی پێوە دیار نییە. واتە، گشت كاتێك وەك بزوێنێكی پەتی دەردەكەوێت.

**پ2: لەڕووی بەندایەتییەوە، ئایا چۆن ئامرازی پەیوەندی (ـە) دەبینن؟**

و2: وەك هیچ فۆنیمێك ئازاد نییەو گشت فۆنیمەكان بەندەن، فۆنیمی (ــە) كە ئامرازی پەیوەندی (ــە) پێك دەهێنێت، لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بەندە و ئازاد

نییە. بۆ نموونە، بەهیچ جۆرێك فۆنیمی (ـە) لە باجگەی دەم دەرباز نابێت، ئەگەر بەند نەبێت بەکلکی فۆنیمێکی نەبزوێنەوە. لە نموونەیەکدا وەك:

**شیلان نەگەیشت(تە)ئەوێ.**

سەری فۆنیمی (ـە) بەندە بە کلکی دەنگی (ت)ە وەو بەهیچ جۆرێك لێك ناترازێن.

**پ3: لەبەر ڕووناکی وەڵامی پرسیاری پێشوو، دەشێت بپرسین، ئایا ئامرازی (ـە) لە کلکەوە بەندە یان لەسەرەوە؟**

و3: هەموو دەنگێکی (بزوێن) لە (سەر)ەوە بەندەو هەموو دەنگێکی (نەبزوێن) لە (کلك) ەوە وەك ئامرازی (ـە) بریتییە لە فۆنیمێکی (بزوێن). بۆ نموونە، لەڕستەکەی نێو پرسیاری (پ2)دا ئامرازی (ـە) بڕگەی (تە)ی چێ کردبوو، لە ئەم بڕگەیەدا دەنگی نەبزوێنی (ت) لە کلکەوە بەندە، بەڵام ئامرازی پەیوەندی (ـە)، واتە فۆنیمی بزوێنی (ـە) لەسەرەوە بەندە. کەواتە، هەردوو فۆنیمە بزوێن و نەبزوێنەکە دەردی یەکتریان چارەسەر کردووە.

واتە فۆنیمی (تـ) لە کلکەوە چارەسەرکراوە و فۆنیمی (ـە) لەسەرەوە تیمار کراوە. لەئەنجامدا، هەردوو فۆنیمە گرێیەکی دەنگسازیان پێك هێناوە و خۆیان کردووە بە یەکەیەکی فۆنۆلۆژی سەربەخۆ، کە دەتوانێت بە باجگەی زاردا تێپەڕێت.

**پ4: ئایا ئامرازی (ـە)، بێجگە لە دەنگی بزوێنی (ـە) هیچ دەنگێکی پەنامەکی، یان دەنگی خپ هەڵ دەگرێت.**

و4: نەخێر، ئەم ئامرازە چی لەناخی بیرداو چی لەسەر زار هەر لەیەك (بزوێن) پێك هاتووە و هەرچەند بخشێت لە دەنگی تر، بەهیچ جۆرێك هیچ دەنگێکی خپ کراوی لێ دەرناکەوێت.

**پ5: لەڕووی (زەبری بزوێن)ەوە، ئایا ئامرازی (ـە) وزەی بزوێنی تێدا هەیە؟**

و5: بەڵێ، وەك گشت (بزوێن)ێك، بزوێنی (ـە) وزەی دەنگسازی تێدا هەیەو گشت کاتێك سەری بەندە بە کلکی دەنگێکی نەبزوێنەوە، کە بە وزەی خۆی بچڕپوێتی لە کلکی بڕگەکەی پێشتر.

**پ6: باشە، بزوێنی (ـە) چۆن زەبری خۆی دەردەخات، ئەگەر لەپێشەوە دەنگی (نەبزوێن) نەبوو، کە کلکی بگرێت؟**

و6: لەباری ئاوەهادا، دەشێت دووباری شیاو بخەینەڕوو، وەك:

باری یەکەم: ئەگەر ئامرازی (ـە) کەوتە پاش بزوێنی (ا) وەك:

**شیلان هەڵ ستا(یـ)ـە سەر پێ.**

لە ئەم نموونەیەدا، ئامرازی (ـە) خشاوە بزوێنی (ا)، بەڵام ناوگری (یـ) دەرکەوتووە لەنێوانیاندا.

باری دووەم: ئەگەر ئامرازی (ـە) بخشێت لە کلکی (نیمچە بزوێن)، ئەوا نیمچە بزوێنەکە هەڵ دەپلێت بە دیوی (نەبزوێن)دا، وەك:

**شیلان نارد (یـ)ـە ئەوێ.**

**شیلان بـ (و)ە مامۆستا.**

لە نموونەی یەکەمدا، جێناوی (ی) هەڵ پلاوە بەدیوی نەبزوێنی (یـ)دا و لە نموونەی دووەمدا نیشانەی ڕابردوو (وو) هەڵ پلاوە بەدیوی نەبزوێنی (و)دا.

**پ7: بەپێی ئەوەی گوترا، ئامرازی (ـە) گشت کاتێك بە زەبرەو کلکی دەنگێکی (نەبزوێن) دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشێت، ئایا لەچی جێیەکدا ئەو زەبرەی وندا دەبێت؟**

و7: بەدیاری کراوی، لەگەڵ بزوێنی (ـە) لە پاشگری دووپاتی (ەوە)دا، ئامرازی (ـە) جووت دەبێت و بەیەك (بزوێن) گۆ دەکرێن، وەك:

**شیلان کەوتـ(ەوە)ـە سەر زەوی.**

لە ئەم ڕستەیەدا، دەنگی بزوێنی کۆتایی لە پاشگری ەوە، جووت بووە لەگەڵ ئامرازی (ـە)و هیچ (ناوگر)ێك دەرنەکەوتووە لە نێوانیاندا، وەك:

**بزوێنی (ـە) + بزوێنی (ـە) یەك بزوێنی (ـە).**

**پ8: ئایا چی ڕوودەدات، ئەگەر ئامرازی (ـە) بخشێت لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کە هەردووکیان هەمان بزوێنن. ئایا لە ئەم ڕەوشەیشدا، هەردوو بزوێنەکە لەیەکتری جووت دەبن، یان ناوگرێك دەهێتە ڕیزەوە؟**

و8: لە ئەم نموونەیەدا، ناوگری (ت) دەهێتە کایەوە، وەك:

**من ناردووم(ـەت)ـە ئەوێ.**

لە ئەم نموونەیەدا، هەرچەند مۆرفیمی ئێستایی هەر بەیەك (بزوێن) دەرکەوتووە، بەڵام دەنگی (ت) هەڵ دەگرێت بە (خپی). کەواتە، ئامرازی (ـە) لەسەرەوە خشاوە لە کلکی دەنگی خپی (ت) و ڕای کێشاوەتە سەر زارو پەردەی لەسەر هەڵ مالیوە.

کەواتــە، وەك لــە پێــشتردا گوتمــان، ئــامرازی (ــە) خــۆی لەخۆیــدا بریتییــە لــە بزوێنێکــی ســادە، بــەڵام لــە وەڵامــی ئــەم پرســیارەدا دەرکــەوت، کــە مــۆرفیمی ئێستایی (ـە) سادە نییەو دەنگی (ت) هەڵ دەگرێت، بەڵام بە (خپی).

**پ9: ئایا نموونەیەکی تر هەیە لە بزوێنی (ـە) کە وەك مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کە سادە نەبێت و دەنگی خپ هەڵ بگرێت و ئامرازی پەیوەندی (ـە) بتوانێت پەردەی لەسەر هەڵ بماڵێت؟**

و9: بەڵێ: جێناوی فەرمانی ڕاستەوخۆ (ــە) دەنگــی خپــی (ر) هــەڵ دەگرێــت و ئەگەر سەری ئامرازی (ـە) بخشێت لە کلکی ئەو جێناوە، ئەوا دەنگــی خپــی (ر) ئاشکرا دەبێت، وەك:

**شیلان مەکەو (ەر)ە ناو ئاوەکە.**

بە ئاشکرا دیاردەکە ئامرازی (ـە) بڕگەی (رە)ی چێ کــردووە و نــاوگرێکی پەیــدا کردووە، کە لە ڕەسەندا بریتییە لە بەشێکی (خپ) لە بنیادی جێناوی فەرمان لە کەسی دووەمی تاکدا.

**پ10: ئایا ئامرازی (ـە) پێناسەی (مۆرفیم)ی هەیە؟**

و10: بــەڵێ ئــەم ئــامرازە گرنگــە پێناســەی مــۆرفیمی هەیــە. واتــە وەك چــۆن بەهەمان بزوێنی (ـە) پێناسەی (فۆنیم)ی هەبوو، هــەر ئاوهــاش بەهــەمان بــزوێن پێناســەی (مــۆرفیم)ی هەیــەو ئــەو مۆرفیمــە دەگەڕێتــەوە بــۆ بەشــە ئاخــاوتنی (ئامراز).

**پ11: ئایا ئامرازی (ـە) بریتییە لە مۆرفیمێکی بەند، یان بریتییە لە مۆرفیمێکی ئازاد؟**

و11: بەڵێ ئامرازی (ـە) بریتییە لــە مــۆرفیمێکی (بەنــد) و بــەهیچ جۆرێــك ئــازاد نییە. لە ئەم ڕووەوە، ئەم ئامرازە لەسەرەوە بەندە بە (کار)ێکەوە و لە کلکــەوە بەندە بە (ئاوەڵکار)ێکەوە، وەك:

| کار | ئامراز | ئاوەڵکار |
|---|---|---|
| ناردم | ـە | ئەوێ |
| چوویت | ـە | سەر مێزەکە |
| ڕۆیشتین | ـە | دەرەوە |

**پ12: بەپێی وەڵامی پرسیاری پێشوو، دەشێت ئامرازی (ـە) بریتی بێت لە پردێكی ستراتیژی لەنێوان (ڕووداوی كار) و (پێگە)ی ڕوودانی كاردا؟**

و12: بەڵێ، ئاوهایە و گشت كاتێك ئامرازی (ـە) ئەركێكی دەگمەن دەگێڕێت، بۆ (ڕاگوێز) كردنی ڕووداوی كار بۆ سەر پێگەی (ئاوەڵكار)ێك.

**پ13: وەك ئامرازی پەیوەندی (ـە) حەزی لە ئاوەڵكارە، دەشێت ئەم ئامرازە توخمی (ئاوەڵكار)ی تێدا نەبێت. ئایا چۆن بتوانین، ئەو ڕاستییە بسەلمێنین؟**

و13: بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەكانی تردا، پێ دەچێت كە ئامرازی (ـە) بێ بەری بێت لە توخمی (ئاوەڵكار). بۆ نموونە دەگوترێت:

**شیلان گەیشت (بە) هەولێر.**

یان،

**شیلان گەیشت (ـە) هەولێر.**

لە نموونەی یەكەمدا، ناشێت بگوترێت(*):

**شیلان گەیشت (بەنێو) هەولێر.**

بەڵام، لە نموونەكەی تردا، دەشێت بگوترێت:

**شیلان گەیشتـ(ـە نێو) هەولێر.**

لە نموونەی یەكەمدا، ئاوەڵكاری (نێو) ڕێزمانەكەی بزڕكاندووە، كەچی لە نموونەی دووەمدا هەمان ئاوەڵكار ڕێزمانەكەی جوانترو پۆشتەتر كردووە. كەواتە، دەتوانین بڵێین، ئامرازی (ـە) هەر توخمی (ڕاگوێز)ی تێدا هەیەو بەس، بەڵام ئامرازی (بە) توخمی (ڕاگوێر) و توخمی (ئاوەڵكار)ی تێدا هەیە.

**پ14: ئایا ئامرازی (ـە) لە ئاوەڵگوزەرەدا هەیە؟**

و14: نەخێر لە ئاوەڵگوزارەدا نییە، بەكورتی و بەكوردی ئامرازی (ـە) هەر لە قەوارەی (كار)دا هەیە و بەس. واتە، لەهەر بەشە ئاخاوتنێكی تردا، ئەو ئامرازە بەدی بكرێت، ئەوا (گێلەی چاو) لە ئارادایە.

**پ15: لە قەوارەی كۆمەڵەی كاردا، ئایا ئامرازی (ـە) دەكەوێتە لای سەری كارەوە، یان لای كلكی كارەوە؟**

و15: بەدیاری كراوی و بەشێوەیەكی یەكلایی و بەبێ مشت و مڕ، ئامرازی (ـە) كلكی كار دەگرێت و دەبێتە دوا پێكهاتە لە پاش پاشگری دووپاتی (ەوە) دادەنیشێت.

**پ16: ئایا کەی ئامرازی (ـە) دەکەوێتە پێش کارەکە؟**

و16: کاتێك کە ئامرازی (ـە) ڕوخسارە بگۆڕێت بۆ ئامرازی (وە)و بکەوێتە پێش (ئاوەڵکار)ێك، وەك:

**(وەسەر) کەوتن : سەرکەوتن**
**(وەلا) کەوتن : لاکەوتن**
**(وە دەر) کەوتن : دەرکەوتن**

**پ17: واپێ دەچێت کە لە زمانی نووسیندا، کەس دەست نەپارێزێت لە ئاستی ڕێزمانی ئامرازی (ـە)، وەك ئەوەی کە ڕێزمانەکەی تەرك کرابێت. ئایا ئەوە ئاوهایە؟**

و17: بەڵێ ئەوهایە، تەنانەت لەلای ڕێزمانووسانیش ڕێزمانی ئامرازی (ـە) تەرك کراوە لە دەقی نووسینیاندا. بۆ نموونە، ئەگەر لە (10) نموونەی بەرمەبەست هەبێت، ئەوا ڕەنگە دووانیان بەجوانی بەکارهێنرابێت، یان دوانی تر بە ناڕێزمان کرابێت بە جێگرەوەی ئامرازی تر. یان دووانی تر لەجێی خۆیدا بەکارهێنرابێت، بەڵام پۆشتە نەکرابێت بە ڕێزمان. یان، دووانی تر هەبێت کە بەناڕێزمان لە ڕیزەکە وندا کرابێت.. یان، دووانی تر هەبێت لەڕیزەکەدا و ڕێزماننووسەکە هەر پێی نەزانیبێت.

**پ18: ئامرازی پەیوەندی (ـە)، وەك ماکی هەیە لە زمانەکەدا، ئایا مۆرکی هەیە؟**

و18: بەڵێ وەك ماکی خۆی هەیە هەر ئاوهاش مۆرکی خۆی هەیە، بەتایبەتی بەرانبەر بەزمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی). بێ گومان، بالۆرەی وەڵامی پرسیارەکانی پێشەوە بنەما زانستییەکانی ئەو (مۆرکایەتی)یەی ئامرازی (ـە) دەردەخەن. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین، کە ڕێزمانی ئامرازی (ـە) پەیامی خۆی هەیە بۆ زمانەوانی.

**پ19: لە پلیکانەی ڕستەدا، ئایا ئامرازی (ـە) کام خانەی نێو بیر داگیر دەکات؟**

و19: بەدیاری کراوی، خانەی (9-) داگیر دەکات و دەکەوێتە پاش پاشگری دووپاتی (ەوە) لە خانەی (8-)دا، وەك:

| ... | سفر | 1– | 2– | 3– | 4– | 5– | 6– | 7– | 8– | 9– |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەو خانەی کە دەکەنە پێش بنجی کار | بنجی کار | خانەی تێپەڕاندن (ێن / ان) | خانەی یەکێو نادیار (ر) | خانەی دەمکاتی کار (ا، ت، لا، ی، و | خانەی جۆری ڕابردوو (بوو، و | خانەی (با، ب، بێت) | خانەی جێناوی جێگۆڕ | خانەی جێناوی جێنەگۆڕ | خانەی پاشگری دووپاتی (ەوە) | خانەی ئامرازی (ـە) |

**پ20: لەڕووی واتاسازییەوە، ئایا ئامرازی (ـە) چ واتایەك دەداتەوە؟ یان چ ئەرکێکی واتایی هەیە؟**

و20: ئامرازی (ـە) یەك ئەرکی واتایی هەیەو ئەویش بریتییە لە (ڕاگوێز)کردنی ڕووداوی کار بەشێوەیەکی (ناوەکی)، نەك (دەرەکی)، بۆ سەر پێگەی (ئاوەڵکار)ێکی جێگەیی، ئەم دیاردەیە زۆر بەخنجی دەخونچێت و زۆر بە دانسقەیی، ڕووبەری کار بەرینتر دەکاتەوە.

**پ21: ئەو هەڵانەی کە لەزمانی نووسیندا ڕوودەدەن و ئامرازی (ـە) دەخەنە بری ئامرازەکانی تر، ئایا چۆن پاوان دەکرێن و گەمارۆ دەدرێن؟**

و21: وەك لە پێشتردا گوترا، ئامرازی (ـە) هەر لە قەوارەی (کار)دا هەیە، بێگومان هەر لە (کۆمەڵەی کار)دا، ئەو دیاردەیە ڕوودەدات. بەواتایەکی تر، ئامرازی (ـە) دەخرێتە بری ئەو ئامرازانەی کە لە قەوارەی کاردان و (کاری ئامرازدار) چێ دەکەن، وەك:

**(گەیشتن بە...، دان بە...، ڕۆیشتن بۆ...، ناردن بۆ...)**

**پ22: ئایا ئامرازی (ـە) لە چ ئامرازێکی پەیوەندییەوە نزیکە بەڕێزمان؟**

و22: ئامرازی (ـە) زۆر نزیکە لە ئامرازی (بە). واتە، لە ئەو کارانەی کە بە ئامرازی (بە) دەبن بە (کاری ئامرازدار) وەك (دان بە...، گەیشتن بە...، بوون

بە...، کردن بە...). هەر لەبەر ئەوە لە پەرێزی ئەو چوار کارەدا هەڵەکان خەست دەبنەوە.

**پ23: پێ دەچێت ئامرازی (ـە) لە هەندێك نموونەدا ئامرازی (تێ) دابهێنێت.**
ئایا ئەو نموونانەن چین؟

و23: لەهەر جێیەکدا کە ئامرازی (ـە) ئاوەڵکاری (ناو : نێو)ی گوزەراندبێت، ئەوا دەشێت ئامرازی (تێ) بەکاربهێنرێت، بەڵام دەبێت بکەوێتە پێش کارەکە، وەك:

**کەوتنـ(ـە ناو) : (تێ) کەوتن (...)**
**بردنـ(ـە ناو) : (تێ) بردن (...)**
**خستنـ(ـە ناو) : (تێ) خستن (...)**
**هاتنـ(ـە ناو) : (تێ) هاتن (...)**

**پ24: ئایا دەتوانین بڵێین کە ئامرازی (تێ) لە گشت جێیەکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میکانیزمەی نێو پرسیاری پێشوو؟**

و24: نەخێر ڕێژمانی ئامرازی (تێ) زۆر ئاڵۆزە. بۆ نموونە، لە کاری (تێ دان)دا جیاوازی هەیە. یان لە کارەکانی (تێپەڕین، تێکۆشان، تێگەیشتن،...)دا هەمان میکانیزم ناچەسپێت.

**پ25: دەگوترێت، ئامرازی (ـە) دەتوانێت واتای هەندێك لە کارەکان بگۆڕێت. ئایا ئەم میکانیزمە چۆن ڕوودەدات؟**

و25: لەهەر جێیەکدا کە ئامرازی (ـە) ئاوەڵکارێکی ڕووت و پەتی بگوزەرێنێت، ئەوا مەرجی واتاگۆڕکێ بۆی هەیە کە بهێتە ئاراوە، وەك:

**بردنەسەر : (ئەنجام دان)**
**کەوتنەبەر : (بەرکەوتن، وەبەرکەوتن)**
**خستنەپێش : (پێش خستن، وەپێش خستن)**

لەڕاستیدا، گشت ئەو کارانەی کە بە (ئاوەڵکار) دەبن بە کاری داڕێژراو) و واتایان دەگۆڕێت بۆ واتایەکی نادە، هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژمانی ئامرازی (ـە). بۆ نموونە، کاری (سەرکەوتن)، لەڕەسەندا بریتییە لە (کەوتنەسەر) و لە پاشتردا کراوە بە (وەسەرکەوتن).

یان، لەپاش ئەو ئاڵ و گۆڕ ئامرازی (وە) لاچووە و بووە بە (سەركەوتن)، بەهەمان شێوە ئەم كارانەی خوارەوە، بە ئەم كردەوەیەدا تێپەڕیون:

**كەوتنەبەر : وەبەركەوتن : بەركەوتن**

**كەوتنەژێر : وەژێر كەوتن : ژێركەوتن**

**كەوتنەلا : وەلاكەوتن : لاكەوتن**

بێ گومان، ئەگەر بەدەستی ئێمە با، ئێمە روخساری كاری (وەبەركەوتن) و (وەژێركەوتن) و (وەلاكەوتن) زۆر بە پۆشتەتر و رازاوەتر دەزانین لە ئەو روخسارانەی كە ئێستا لە بەكارهێناندا برەویان هەیە، وەك: (بەركەوتن، ژێركەوتن، لاكەوتن).

**پ26: ئایا جێی تر هەیە كە ئامرازی (ـە) بتوانێت واتا بگۆڕێت لە كارێكدا؟**

و26: بەڵێ لە ئەو وشانەدا كە خۆیان واتای بنجی كارێك دەپارێزن، دەشێت ئامرازی (ـە) بكەوێتەكار، وەك:

**كەوتنە (ئیش) : وە (ئیش) كەوتن**

**كەوتنەگەڕ : وە (گەڕ) كەوتن**

**كەوتنە جۆش : وە (جۆش) كەوتن**

**كەوتنە جووڵە : وە (جووڵە) كەوتن**

لە ئەم نموونانەدا، وشەكانی (ئیش، گەڕ، جۆش، جووڵە) دەگەڕێنەوە بۆ كارێك و ئەركی ئامرازی (ـە) ئەوەیە كە دەسپێكی ڕووداوی ئەو كارانە دیاری بكات و لە ئەم میكانیزمەدا كاری (كەوتن) بووە بە كارێكی یاریدەدەر.

**پ27: ئایا چۆن بتوانین دەستی خۆمان بپارێزین، یان دەست پارێزی بكەین لە زمانی نووسیندا؟**

و27: لە وەڵامدا، دەتوانین ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بخەینەڕوو، وەك:

<u>هەنگاوی یەكەم</u>: دەتوانین نەهێڵین ئامرازی (ـە) بخرێنە بری ئامرازی تر، وەك:

**دەڕۆم (بۆ) بازار : دەڕۆم(ـە) بازاڕ (*)**

**دەبێت (بە) پیاو : دەبێت(ـە) پیاو(*)**

**ڕووی كرد (لە) دیوارەكە : ڕووی كرد(ە) دیوارەكە (*)**

بێ گومان، لەبەر پێنووسی ئێمە دەستە ڕستەكەی دەستە ڕاست، پۆشتەتر و ڕازاوەترن بەڕێزمان، بەڵام دەستە نموونەكەی دەستە چەپ (*) لە ئاخاوتنی

لاکۆڵانەوە پەڕیونەتەوە نێو زمانی نووسین. لەلایەکی ترەوە، نموونەکانی دەستە چەپ(*) مۆرکی ئاخاوتنی ناوچەییان پێوە دیارەو زمانی نووسین لێڵ دەکەن.

هەنگاوی دووەم: دەتوانین نەهێڵین کە ئامرازی (ـە) بە ناپۆشتەو پەرپووت بەکاربهێنرێت لە پەرێزی ڕێزمانەکەی خۆیدا، وەك:

**تۆپەکە کەوتە (...) زەوی**

یان،

**تۆپەکە کەوتە (سەر) زەوی**

لەڕستەی یەکەمدا، بەکارهێنانی ئامرازی (ـە) دروستە بەڕێزمان، بەڵام ناپۆشتەیە و کلۆری پێوە دیارە. بێ گومان ئەو کلۆرییە بە بەکارهێنانی ئاوەڵکار پڕ دەبێتەوە. بۆ نموونە، ئاوەڵکاری (سەر) یان هەر ئاوەڵکارێکی تر دەتوانێت ئەو کلۆرییە ڕێزمانییە پڕ بکاتەوە.

هەنگاوی سێیەم: دەتوانین نەهێڵین کە ئامرازی (ـە) وندا بکرێت لە ڕیزەکەدا، وەك:

**تۆ بکەوە (...) سەر تەنیشت**

**تۆ بکەوە (رە) سەر تەنیشت**

لە نموونەی یەکەمدا، کلۆری هەیەو ئەو کلۆرییە بە بڕگەی (رە) پڕ بووەتەوە. هەر بۆ نموونە ئەو پڕکردنەوەیە نەبووە بە (خەوشی ڕێزمانی) یان نەبووە بە (لەنگی و نەنگی) لە واتای ڕستەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بە بڕگەیەکی تر وەك (تە، لە، بە، پە،...) ئەو کلۆرییە پڕ بکەینەوە. کەواتە، ناشێت و نابێت ڕێزمانی ئامرازی (ـە) پەرپووت بکەین و بڕگەی (رە) لاببەین، تا کۆڕی زانیاری بڕیاری لەسەر نەدات.

**پ28: لە پرسیاری پێشوودا، هەندێك ئاڵۆزی هەیەو نازانین سەرچاوەی هەردوو فۆنیمەکە لەکوێوە هاتووە. ئایا دەتوانین ڕوونی بکەینەوە؟**

و28: وەك لەچەند جێیەکی ئەم نووسینەدا باس کراوە، فۆنیمی /ر/ دەگەڕێتەوە بۆ دەنگێکی خپ کە لەژێرەمۆی مندالّی کوردا پارێزراوە. واتە، جێناوی ڕێژەی فەرمان (ـە) لەڕەسەندا بریتییە لە (ـەر) و دەنگی (ر) تەنها و تەنها هەر بە (زەبری بزوێن) زیندوو دەبێتەوە و دەژێتەوە و ئەگەر ئەو زەبرە لابچێت، ئەوا

دەنگە دەگەڕێتەوە بۆ نێو خانەکەی خۆی لە (بیردان)دا. ئالۆزی دووەم ئەوەیە کە زۆر کراوە لە دەنگی /ر/ کە نەبووژێتەوە، لە ئەم رووەوە هەردوو دەنگی بزوێنی (ـە) لە یەکتری جووت دەبن و دەبن بەیەك فۆنیمی دوولۆ.

لەزمانی کوردیدا زۆرجار دوو بزوێنی (ـە) دەگەن بە یەکتری بەڵام ناوگیر داوا دەکەن، کەچی بزوێنەکەی ئامرازی (ـە) ئەگەر بخشێت لە کلکی (ـە)، ئەوا هەردووکیان لە یەکتری جووت دەبن. لە ئەم کەین و بەینەدا، سەری حەشارگەیەکی ڕێزمانی ئامرازی (ـە) هەڵ دەدرێتەوە.

**پ29: بەڵگە چییە ئەو حەشارگەیەی کە لە پرسیاری پێشوودا باس کرا؟**

و29: لە پرسیارەکانی پێشوودا، باسی ئەو بەڵگەیە کراوە، بەڵام بۆ پێویستی لێکۆڵینەوە، جارێکی تر باسی دەکەینەوە. بۆ نموونە لە پرسیاری (19)دا، گوتر کە پاشگری دووپاتی (ەوە) لە خانەی (–8)دا دەنیشێت و ئامرازی (ـە) لە خانەی (+ 9)دا دەبێت بە دراوسێ. لە ئەم ڕێزبەندییەدا، دوا پێکهاتەی خانەی (–8) دەبێت بە بزوێنی (ـە) و پێکهاتەی بەرایی لەخانەی (–9) دەبێت بە ئامرازی (ـە)، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| | خانەی (–8) | خانەی (9) |
| | پاشگری دووپاتی | ئامرازی (ـە) |
| کەوت | ـەوە | ـە سەر زەوی |

کەواتە، لەڕووبەری زمانی کوردیدا، چار نییەو گشت کاتێك سەری بزوێنەکەی ئامرازی (ـە) دەخشێت لە کلکی بزوێنی (ـە) لەکۆتایی پاشگری (ەوە)دا. لە ئەم هەڵس و کەوتە ڕێزمانییەدا، هەردوو بزوێنی (ـە) لەیەکتری جووت دەبن و خانە یەك فۆنیم داگیر دەکەن. بەڵام وەك بەڵگە بۆ هەبوونی ئەم حەشارگەیە، لە ئەم جۆرە نموونەیەدا، زۆر کردن لە ئەو دوو فۆنیمە بزوێنە کە لە یەکتری جووت نەبن و نەبن بەیەك فۆنیم و نێوگریان بۆ دابنێین ئەوا باری (ناڕێزمانی) دەهێتە ئاراوە. کەواتە، دەتوانین بڵێین، گشت کاتێك ئامرازی (ـە) ئەگەر بخشێت لە کلکی

بزوێنی (ـە)، ئەوا هەردوو بزوێنەکە دەبن بەیەك فۆنیم. بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ پرسیاری (7).

**پ30: بەدەر لە ڕێزمانی ئامرازی (ـە)، ئایا دەتوانن چەند نموونەیەك لە (جووت بوون) و لە (جووت نەبوون)ی دوو فۆنیمی (ـە) بخەنەڕوو؟**

و30: بەدەر لە ئامرازی (ـە)، هەردوو بارەکە هەن، وەك:

یەکەم: باری (جووت نەبوون)، وەك:

**ئایا تایە پەنجەرەکە، ئەو تایە یـ(ـە) یـ(ـە)؟**

لە ئەم نموونەیەدا، سێ بڕگەی (یە) هەن. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (تایە) و دووەمیان ناوگری (یـ) وەرگرتووە و لەگەڵ پاشپرتکی ئامرازی ئامارە (ئەو... ە) جووت بووە، تا نەخشێت لە بزوێنی (ـە) لە وشەی (تایە)دا. سێیەمیان بریتییە لە جووت بوونی ناوگری (یـ) لەگەڵ سەری مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، تا نەخشێت لە کلکی بڕگەی (یە)ی دووەم.

دووەم: باری (جووت بوون)، وەك:

**دان: بەواتای (دگان، کەڵپە، کاکیلە، ددان)**

**دانە: بەواتای (یەك پارچە، قل)**

لە ئاستی ئەم دوو وشەیەدا ئەگەر ئامرازی ناساندن (ەکە) بار بکەین، لەهەردوو نموونەکەدا دەگوترێت (دانەکە)، وەك (دانەکەی تۆ). لە نموونەی یەکەمدا، بارێکی ئاساییە کە بزوێنی (ە) جووت ببێت لەگەڵ دەنگی (ن) و بڕگەی (نە) چێ بکات. بەڵام لە نموونەی دووەمدا، هەردوو بزوێنی (ـە) لەیەکتری جووت کراون و بەیەك فۆنیم گۆکراون.

ئەمەش وای کردووە، کە لەباری کۆدا وشەی (دان) و (دانە) لەیەکتری جودا نەکرێنەوە.

سەرچاوە:

**ـ د. شێرکۆ بابان، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی، هەولێر، 2009.**

ـ مامۆستا مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمـانی کـوردی، کـۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.
ـ د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر 2004، ل 37 ـ 45.